ناساندن

عەبدە وازن

# سامۆییل بیکێت.. شاعیرێکی نەناسراو

لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان



**لە شیعرە فەرەنسییەکانیدا بیکێت دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە ڕێگەی ئیستاتانەکانی ئیکۆ هەوڵی دەربڕینی دەدا واتە هێنانەدیی شیعرێکی پوختی داماڵراو لە هەموو قسەیەک**

وەرگێڕانی فەڕەنسی یەکەم دیوانە شیعری بەناوی ئێسقانەکانی ئیکۆ کە بیکێت لە سەرەتای ژیانی بە ئینگلیزی نووسیویە. بەم دواییە لەلایەن دەزگای مینوی بڵاو کرایەوە، ئەو دیوانە وێنەی ئەو شاعیرە بیر دەخاتەوە کە خاوەنی لە چاوەڕوانی گۆدۆیە. بەڵام ئایا بیکێت شاعیر بووە؟. وە لەبەرچی وەرگێڕانی یەکەم دیوانی رەت دەکاتەوە کە ساڵی ١٩٣٥ بە ئینگلیزی لە پاریس بڵاو کراوەتەوە و هەوڵی داوە پشتگوێی بخا چاوپۆشی لێ بکا؟

لە ساڵی ١٩٧٨دا بیکێت لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا دیوانی قەسیدەکانی بڵاو کردەوە کە یەکەم بەرهەمی بوو بە زمانی فەڕەنسی کە زمانی دووەمی بوو. هەر لە سەرەتای ١٩٣٧دا دەستی بە فەڕەنسی نووسین کردبوو. تا دواتر بووە یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی هەروەک چۆن فەڕەنسییەکان خۆیان دانی پێدا دەنێن، هەرچەندە ئەو دیوانەش چەند قەسیدەیەکی کۆنی لەخۆ گرتبوو کە لە ساڵانی نێوان ١٩٣٧-١٩٣٩ نووسیبوونی و زۆربەیانی لە کۆواری "سەردەمە تازەکان" بڵاو کردبووەوە کە جان پۆل سارتەر دەری دەکرد. بەڵام دیوانێکی تری، کە بە دیوانی قەسیدەکانەوە لکێندرابوو، بە ناونیشانێکی سەیر دەرکەوت کە کۆمەڵە شیعرێکی خراپی لە قەسیدەی زۆر کورت لە خۆ گرتبوو کە لە ساڵانی نێوان ١٩٧٦ و ١٩٧٨ نووسیبوونی. ئەوەش گرینگ نییە کە ساموێیل بیکێت لە بڵاوکردنەوەی قەسیدەکانی یا نووسینی هەندێکیان دواکەوتبێ. چونکە ئەو هەرگیز بانگەشەی شاعیری نەکردووە و هەوڵی نەداوە خۆی وەکو شاعیرێکی زمانی فەڕەنسی یا ئینگلیزی پێشکێش بکا. هەروەها قەسیدەکانیشی بەپێی پێویست نەخوێندووەتەوە. بەڵکو هەر بە نیمچە نەناسراوی ماوەتەوە و قەسیدەکانی بەشێکی زۆر بچووکی بەرهەمە شانۆیی و رۆماننووسییە زۆرەکەی و شیعری فەڕەنسی بە گشتییان پێک هێناوە. بەڵام بێگومان رۆڵێکی گرینگیان لە چەسپاندنی شیعریەتی




بیکێت لە پەخشاندا هەبووە، بە تایبەتی شیعرییەتی دەقە کراوەکانی. کە بیکێت یەکێک بووە لە داهێنەرە سەرەتاییەکانی لە فەڕەنسا و ئەوروپا بە گشتی. جێگەی سەرنجیشە کە شیعرە بە فەڕەنسی نووسراوەکەی بە مەسەلەیەکەوە بەستراوەتەوە کە دواتر بە کێشەی دووانەیی زمانەوانی "بیلنگۆیسم" لای ئەو ناوی دەرکرد. چونکە قەسیدەکان یەکەم قۆناغی ئەو بوون لە زمانی فەرەنسیدا . بەراستیش هەوڵە سەرەتاییەکانی بوون لە نووسیندا و هەڵگری ئەزموونێکی بەئازار بوون، هەروەک خۆی ئاماژەی پێ کردووە. کە دواتر لە رێگەی دەقە رۆماننووسییە جوانەکانییەوە زیاتر دەردەکەوێ. هەرچەندە زمانە فەڕەنسییەکەی تەنیا لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە دەچەسپێ، کاتێک ئەو دەقە جوانانەی پێ دەنووسێن و لەبەر بەهێزی و رەهەندە

ئەزموونگەرییەکەی و هۆشیارییە زمانەوانییەکەی بووە مایەی سەرسوڕمانی فەڕەنسییەکان. هەر ئەو کاتەش وتە بەناوبانگەکەی درکاند کە دەڵێ لە زمانی فەڕەنسیدا زۆر ئاسانە بە بێ شێواز بنووسی.

بەڵام ئەوەی ژیاننامە ئەدەبییەکەی بیکێت بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کەوا ئەو نووسەرە ئایرلەندییە گەورەیە کە ژیانی خۆی بە نووسین بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بەسەربرد. ئەزموونە ئەدەبییەکەی بە شاعیر و وەرگێڕێکی شیعری ئیتاڵی و فەڕەنسی دەست پێ کردووە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانیش بێ لەوانەیە بیکێت یەکەم کەس بووبێت کە لە ساڵی ١٩٣٢ هەندێک شیعری سوریالی فەڕەنسی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕابێ، ئەویش لە ڕێگەی قەسیدەکانی "پاپا"ی سورياليیەکان ئەندرییە بریتۆن و هەردوو شاعیر پۆل ئیلوار و ئەندریە کرۆفیلەوە، هەروەها قەسیدەکانی رامبۆ و ئەبو لینیری وەرگێڕاوە. هەروەک چۆن شیعری چەند شاعیرێکی ئیتاڵی وەکو ئۆجینیۆ مۆنتالیشی- وەرگێڕاوە. لەوانەیە هەبێ بپرسێ لەبەر چی هەندێک شیعری ئەڵمانیشی وەرنەگێڕاوە، چونکە ئەو ئەڵمانییەکی چاکی زانیوە.

بیکێت سەرەتای ئەزموونی شاعیریشی بە شیعری ئینگلیزی دەست پێ کردووە قەسیدەکانیشی لە چەندین گۆوار لە دبلن و پاریس بڵاو کردووەتەوە. کاتێک یەکێک لە بڵاوکەرەوەکانیش لە پاریس هانی دەدەن یەکەم دیوانی بڵاو بکاتەوە، لە لابردنی هەندێک لە قەسیدەکان پاشگەز نابێتەوە، بەتایبەتی قەسیدە سەرەتاییەکان، بەڵام یەکەم دیوانی بە ئینگلیزی ساڵی ١٩٣٥ لەسەر حیسابی تایبەتی خۆی لە پاریس بڵاو کردووەتەوە و دەزگای یۆرۆبابرس بۆی چاپ کردووە کە گرینگی بە ئەدەبی ئەنگلۆ - ساکسۆنی داوە. ناونیشانەکەشی زۆر سەیر بووە "ئێسقانەکانی ئیکۆ"، بەڵام دەقێکی تری پێش ئەو دیوانە بە ئینگلیزی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاو بووبووەوە بەناوی "باند و سراباند" کە یەکسەر دوای نووسینی قەسیدەکان و چەند وتارێکی رەخنەیی نووسیبووی. بەڵام ئەو دەقە لە لەندەن هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و، دەزگای سانسۆری ئەیرلەندی بڕیاری دا دەستاو دەستکردنی لە ئایرلەندا قەدەغە بکرێ. ئەو شکستە جارێکی تریش دووبارە دەبێتەوە. کاتێک

بیکێت "مـۆرفی" واتە یەکـەم رۆمـانـی بڵاو دەکـاتـەوە کـە دوای ئەوەی ٤٠ دەزگـای بڵاوکـردنەوە رەتی دەکەنەوە تـەنیا ١٧ دانەی لێ دەفـرۆشـرێ. ئەوەش لە سـەرەتادا خـراپ بەسـەر نووسەردا دەشکێتـەوە و تەنانەت زۆر گومـان لە خـۆی دەکا و سـەری خۆی بە ئیسفەنجێکی گەورە دەچوێنێ.

بیکێت هـەوڵی نـەدا دیوانی یەکەمی وەربگێڕێتە سـەر زمانی فـەرەنسی. هـەروەک چۆن بۆ دەقە شانۆیی و رۆمانەکانی ئەنجامی دەدا و لە دوای یەک بە هـەر دوو زمان دەینووسین. بۆیە دیوانەکە هـەر بە چاپە ئینگلیـزییـەکەی و بە نیـمچە نـەناسـراوی مـایەوە، ئەگـەر نـەناسـراویش نـەبێ. هـەروەک بیکێت ویسـتـبێـتی بە بڵاوکـردنەوەی یەکـەم دیوانی بە زمـانی فـەرەنسی لە پایزی تەمــەندا. یەکـەم دیوانی بە زمـانی ئینگلیـزی هـەر بە لە بیـرکـراوی بمێنێـتـەوە، هـەرچەندە لە هەرەتی لاویەتیش نووسـیبـووی. دیارە فـەرامـۆشکردنی ئەو دیوانە لە رازی نەبوونی کەسی خـۆی یا رەتکردنەوەی ئـەو بەرهـەمــەوە سـەرچاوەی نەگـرتووە، بەوەی کــە بەرهـەمـێکی سـەرەتایی بووبێ. بەڵکو وەکـو سـووربوونێک وابووە لەسـەر فـەرامـۆشکردنی ئەو قۆناغـەی کە تێیدا نووسـراوە. کە سـەختترین قۆناغ بووە لە رووی نائومـێدی و خـەمـۆکی و رەشـبینییـەوە. بۆیە تەنیا شـیکردنەوەی ناونیـشانە سـەرەکییـەکەی کتێبـەکە "ئێسـقانەکانی ئیکۆ"یا ناونیـشانە ناوەندییـەکەی "نیشتـەنییـەکانی تر"، بەڵگەن لەسـەر ئەو تێکچوونە دەروونییـەی کە بیکێت لە سـەرەتای ژیانی ئەدەبیدا پێیدا رەت دەبوو. چونکە زاراوەی "ئێسـقانەکانی ئیکۆ" لە میـتۆلۆجیـای ئەغریقی وەرگیـراوە و ئۆرفیدی شـاعیریش لە دیوانە گـەورەکـەی بـەناوی "گـۆڕانکارییـەکان" بـەکـاری هێنـاوە و باسی ئەفسـانەی ئیکۆی پەریی قـەشـەنگی کـردووە. کـە پەریی دارسـتان و کانیاوەکان بووە و رۆژێک چاوی بە نرسـیس دەکەوێ و شـەیدای دەبێ. بەڵام کـوڕە عـاشـقی نەرگسی زۆر بە تـوندی بەرپەرچی دەداتـەوە و ون دەبێ. بەڵام پەرییەکە هـەروەک ئۆفید دەیگێڕێتەوە بە تەنیا لە ناو دارستانەکان ون دەبێ و گەڵای دارسـتـانـەکـان کـۆ دەکـاتـەوە لـەیەکـیـان دەدا تاوەکـو رووی شـەرمنی خـۆی پێ بشـارێتـەوە. لە تاوی زۆر خـەم خـواردنیش زۆر لاواز دەبێ تەنیـا دەنگ و ئێسـقانی تێدا دەمێنێتەوە. کەس نایبینێ تەنیا دەنگی دەبیستـرێ. بەو مانایەش ئیکۆ دەبێتە

تەنیا دەنگێکی بێ لاشە بگرە بێ شێوەش. ئەو ئەفسانەیەش زۆر سەرنجی بیکێت رادەکێشێ و لە سەرەتای لاویدا وا هەستی دەکرد کەوا ئەو تەنیا ئیسقان و دەنگ بێ و دەنگدانەوەکەی لە زۆربەی کارە رۆمانووسی و شانۆییەکانی دووبارە ببێتەوە. بۆیە زۆربەی کەسایەتییەکانیشی کۆمەڵە دەنگێکن. یا کۆمەڵە کەسێکن کە تەنیا دەنگیان ماوە. بەڵام وشەی نیشتەنییەکانیش ئەوە ئەو دیاردە کیمیاوییە بیر دەخاتەوە و بە مانای ئەوە دێ کە پاش ئەوەی پرۆسە کیمیاوییەکە لە تاقیگە تەواو دەبێ مادە ئەسڵەکە لە ژێری قاپەکەدا دەنیشێ. مەبەستی بیکێتیش لێرەدا ئەوەیە کەوا قەسیدەکان دوای ئازارێکی زۆر کە بەر گیانی شاعیر دەکەوێ لەسەر پەڕە کاغەزەکان دەنیشن.

سامۆییل بیکێت قەسیدە ئینگلیزییەکانی لە ساڵانی نێوان ١٩٢٨ تاوەکو ١٩٣٥ نووسیوە و لە ساڵی ١٩٢٧ خوێندنە ئەدەبییەکەی لە دبلن تەواو کردووە و بواری وانە وتنەوەی دوو ساڵی لە قوتابخانەی باڵای مامۆستایان لە پاریس پێ درا، بەڵام ئەو تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٨ ناچێتە پاریس. ئەو رێگە پێدانە لە پیشەی وانە وتنەوە لە دبلن رزگاری دەکا، کە ئەو زمان و ئەدەبی فەرەنسی تێدا دەوتەوە. بەڵکو دەیگوازێتەوە کەش و هەوای پاریس کە ئەو شەیدای بوو. لە کاتی مانەوەشی لە پاریس گوێی بە وەزیفەکەی و ژیانی زانکۆ نەدەدا، بگرە زیاتر خەریکی ژیانی ئەدەبی و هونەری، جەنجاڵی ئەو کاتەی سییەکانی پاریس بوو. پاریسی شۆڕشی سوریالی و شورشی بوونگەرایی و.. هتد. جوانترین رێککەوتیش ناسینی هاونیشتمانییەکەی خۆی بوو لە پاریس کە جێمس جۆیس بوو. کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری دەبێ.

بەڵام خەونەکانی کە بە ئاشکرا لە قەسیدەکانی دەردەکەوتن کە دەستی بە نووسینیان کردبوو. زۆر ناخایەنن و بە با دەچن. بە تایبەتی دوای تەواوبوونی ماوەی وانەوتنەوەکەی لە پاریس و گەڕانەوەی بۆ دبلن وەکو مامۆستا لە زانکۆی ترینتی کۆلیدج. رقبوونەوەشی لە وانە وتنەوە و بێزاری لە کەش و هەوای دبلن خستیانە قۆناغێکی پڕ لە ئازار و خەم و یاخیبوون و گومان. چونکە بیکێت نەیتوانی لەگەڵ پیشەی مامۆستایەتی رابێ، هەروەک لەبارەیەوە گوتوویانە

مامۆستایەکی بلیمەت و سەرشێت و لە هەمان کاتدا سەیروسەمەرە. قوتابییەکانیشی خستبووە حاڵەتێک لە هەڵچوون و دڵەڕاوکێ. هەروەها نەیتوانی لەگەڵ ژیانی دبلن هەڵبکا و لەگەڵ کەشوهەوا و کولتووری و کۆمەڵایەتییە ئاسایی و توند و نیمچە لادێییەکەی رابێ. بۆیە ئەو گەنجەی کە دووچاری نەخۆشی پاریس بووبوو لەو شارەدا ئازارێکی زۆری دەچەشت کە کۆمەڵەی ئەکلیرۆس بارودۆخە کولتوورییەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، بیروبۆچوونە توندەکەی خۆیان بەسەر داهێنان و نووسیندا سەپاندبوو. هانی چاودێریکردنی کارە ئەدەبی و تەکنیکییەکانیان دەدا. پێیان وابوو ئازادی رادەربڕین هاندەرێکە بۆ بەدڕەوشتی و شەڕانگێزی. لە بارودۆخێکی لەم جۆرەشدا بیکێت قەسیدەیەک بەناونیشانی ئەلبا دەنووسێ و لە کۆواری دبلن ماگازینی ئایرلەندی بەناوبانگ بڵاوی دەکاتەوە، دوای ئەوە بیکێتی لاو پشت لە پیشەی مامۆستایەتی دەکا و هەوڵ دەدا بەداهاتی وەرگێڕانەکانی و نووسینی رۆژنامەکان بژی. بە بەردەوامیش قەسیدەی دەنووسی و بۆ پاریس و لەندەن و کاسیل "ئەڵمانیا" سەفەری دەکرد تا لە دۆزەخی دبلن رابکا. بەڵام بە ناچاری و نائومێدی و هەناسەساردی بۆ شارەکەی دەگەڕێتەوە و خۆی بە بێ کار و سامان دەبینێتەوە. ساڵی ١٩٣٣ش ناخۆشترین ساڵەکانی تەمەنی بووە، چونکە لەو ساڵەدا کچە هاوڕێیەکی ئەڵمانی زۆر خۆشەویستی لەدەست دەدا. هەروەها لەو ساڵەدا باوکیشی لەدەست دەدا کە ئەو باوکی بە وێنەی هاوڕێ و پەناگە پێشان داوە. هەر لەو ساڵە رەشانەشدا بیکێت نەیتوانی بە دووردرێژی کار لە رۆژنامەگەری بکا. بەڵکو ئەوەی رەت کردەوە بە زۆر ببرێتە بەر کاری رۆژنامەنووسی و قەڵەمەکەی بۆ نووسینی شتێک بخاتە گەڕ کە پێوەندیی بە ترسە زاتییەکانییەوە نەبێ. هەر لەو کاتەدا بیکێت ناتوانێ لە گالێری نیشتمانی لەندەنیش کار بکا، هەرچەندە رۆشنبیرییەکی هونەری بەرزیشی هەبووە. بۆیە لەو قۆناغەدا هیچ رێگەیەکی لە بەردەمدا نامێنێتەوە تەنیا وەرگێڕان نەبێ، تا داهاتێکی کەمی لێوە دەست بکەوێ و بتوانێ ژیانێکی سادەی وەکو راهیب و سۆفیگەرەکانی پێ بباتە سەر.

لەوانەیە ئەو بەشە بچووکەش لە ژیاننامە دووردرێژەکەی بیکێت ١٩٠٦– ١٩٨٩

دەروازەیەک بێ بۆ خوێندنەوەی دیوانەکەی "ئێسقانەکانی ئیکۆ و نیشتەنیەکانی تر" چونکە ئەو قەسیدانەی کە لە قۆناغی یەکەمی ژیانی نووسیونی شێوازە ئۆتۆبیۆگرافیە "ژیاننامە"کەی ناشاردرێتەوە. سەرباری شێوازە "هرمسیە" داخراوەکەی و بۆچوونە ئەزموونگەرییە توندەکەی و زمانە لەت لەتەکەی کە دەکرێ بە پارچە پارچەکانی زمان وەسفی بکەین، بیکێت لەو دیوانەیدا وەکو بوونەوەرێکی وێرانکار دەردەکەوێ کە چاودێری ژیانێک دەکا ئەو لە ناخی خۆیدا هەست بەوە دەکا کە لێی دوور خراوەتەوە لە هەمان کاتدا ئەویش دەیەوێ خۆی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام ناتوانێ. بیکێت ئەو لاوە ئایرلەندییەیە کە نیشتمانەکەی- دایکی بەکێشی دەکا و لە هەمان کاتدا لە خۆی دوور دەخاتەوە. بەمجۆرە ئایرلەندا و دبلن و چەند گەڕەک و شوێن و ناونیشانێک ئامادەبوونیان دەبێ پاشان هەر ئەوانە بزر دەبن هەروەک نەبووبن و لەسەر شێوەی ئایرلەندا هەندێک لە شارەکانی وەکو پاریس، لەندەن. . . . لە ڕێگەی ڕەنگ و شوێنەکانیانەوە بوونیان هەیە. بەڵام هەرگیز ناکرێ ئەو شیعرەی بیکێت بەوە لە قەڵەم بدەین کە ناوچە پەرت و بڵاوەکانی کردبێتە چەند ناوچەیەک. بەڵکو شیعرێکی واقیعی و خەیاڵییە. بەوەی کە ترسی ونبوون، جا بە مردن بێ یا نامۆبوون، باڵ بەسەر زۆربەی ئەو شیعرانەدا دەکێشێ. لە دیدی بیکێتی لاویش، ئەوە شاعیر هەرگیز ناتوانێ ژیان بۆ هونەر بگۆڕێ ئەگەر هەقیقەتی مردن سەرچاوە و مەرجەع و پەناگەی ئەو هونەرە نەبێ. هەرچەندە خۆشەویستی هەندێک جاری لە دوای یەک دەتوانێ بۆشاییەک لە ناخی ئەو شیعرە داگیر بکا کە بە ترس گەمارۆ دراوە هیچ سەیریش نییە بیکێت دەنگی ئیکۆی بریندار و هەردەم لە گیانەڵا بوون بگێڕێتەوە، وە قەسیدە گەنجەکانی هەوڵ نەدەن مادەیەکی شیعری سەرەتایی بەدەست بێنن کە لە نیتشەنییەکان رزگار بووبێ. ئەگەرچی هەندێک لە قەسیدەکانیش درێژ دەربکەون و هەناسەیەکی گێڕانەوەیان تیابێ. ئەوە هەرگیز لە گوتن و گێڕانەوەدا وردبین نەبووە و لە گرژی و چڕی و کورتکردنەوە بەدەر نەبووە. ئەو گەمەیە زیاتر لەو شیعرەدا دەرکەوتووە کە بیکێت بە فەڕەنسی نووسیویە چونکە رستەکان بەکەموکوڕی یا لە زۆر جار کات پارچە پارچە دەردەکەون. سیفات و تانەکان تەمومژاوین. پێکهاتەکان لە دابڕانی

دەنگیی دەچن، کۆڵەگەی زمانەکەش لە ریتمێکی لەرزۆک دەکا هەروەک ناونیشانەکە "راچەنینەکانی هەوا" ئاماژەی پێ دەکەن .

ئەگەر خوێندنەوەی قەسیدە ئینگلیزییە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانی فەڕەنسی کارێکی زەحمەتیش بن کە "ئەدیت فۆرنیێە"ی پسپۆر لە ئەدەبی بیکێت کردوونییە فەڕەنسی، بەڵام لە قەسیدە فەڕەنسییەکانی زۆر کراوەتر و سووکترن بۆ خوێنەران، چونکە وەرگێڕ راڤەی بەشێکی زۆری زاراوە و ناوەکانی بۆ زیاد کرووە. کە ئەمەش بەڵگەی توانای شیعری بیکێتن هەرچەندە ئەو شیعرە فەڕەنسییانەی کە دوای شیعرە ئینگلیزییەکانی نووسیونی پرۆژە شیعرییەکەی بەڵکو دەتوانین بڵێین تیۆرە شیعرییەکەی زیاتر بەرجەستە دەکەن. لە شیعرە فەڕەنسییەکانیدا بیکێت دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە رێگەی ئیسقانەکانی ئیکۆ هەوڵی دەربڕینی دەدا واتە هێنانەدیی شیعرێکی پوختی داماڵراو لە هەموو قسەیەک. شیعرێک تەنیا ئیمزایەکی دەنگی بێ، بەڵام دوور لە هەموو نمایشێکی ئاسایی. شیعرێک کە گیانی هەڵبژاردن و تەجریدی بەسەردا زاڵ بێ واتە بە کەمترین وشە کورتی بکاتەوە و زیاتر خەون و دید و وێنەکان پێشان بدا، دووریش نییە سووربوونی بیکێت لەسەر رەتکردنەوەی وەرگێڕانی «یا دووبارە نووسینەوەی» شیعرە ئینگلیزییەکانی بە فەڕەنسی تەنیا لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەو پێی وابووە ئەو شیعرەی لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی بووە، کە زۆر جار لە ئاستی ئەو داخوازییانە نەبووە کە شاعیر ویستویەتی. بەڵام ئەو شیعرەش سەرباری کێشە زمانەوانی و شیعرییە روونەکانی یا داخراوی و ئەستەمییەکەی. بە دەروازەیەکی گرینگ دادەنرێ بۆ چوونە ناو جیهانی بیکێت بەتایبەتی جیهانە رۆماننووسییەکەی کە هەندێک لە بەرهەمەکانی بوونەتە دەقێکی شیعری دەگمەن. قەسیدە ئینگلیزییەکانیشی قەسیدەی سەرەتایی زۆر بەرزن و هاوارێکی بەهێزی شاعیریان لە خۆ گرتووە، کە دەنگدانەوەکەی لە هەموو دەقەکانی تری دواتری دەبیسترێ.

سەرچاوە: www.alimbaratur.com